ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی من بکات؛ ئەوا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورەی کردووە، ئەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی من بکات؛ ئەوا سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورەی کردووە، ئەوەی گوێڕایەڵی پێشەوا (ئەمیر) بکات؛ ئەوا گوێڕایەڵی منی کردووە، ئەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی پێشەوا (ئەمیر) بکات؛ ئەوا سەرپێچی فەرمانەکانی منی کردووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی من بکات؛ ئەوا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورەی کردووە، ئەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی من بکات؛ ئەوا سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورەی کردووە، ئەوەی گوێڕایەڵی پێشەوا (ئەمیر) بکات؛ ئەوا گوێڕایەڵی منی کردووە، ئەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی پێشەوا (ئەمیر) بکات؛ ئەوا سەرپێچی فەرمانەکانی منی کردووە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی ئەو وەکو گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی خودایە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەنها فەرماندەکات دەکات بە جێبەجێکردنی ئەو شەریعەتەی کە خوای گەورە بۆ خۆی وبۆ ئومەتەکەی داینناوە، ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمان بە شتێک بکات ئەوا لە شەریعەتی خودایە -سبحانه وتعالى-، ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکات وەکو ئەوە وایە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودای کردبێت، وئەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی بکات وەکو ئەوە وایە سەرپێچی فەرمانەکانی خودای کردبێت. وپێشەوا (ئەمیر) ئەگەر مرۆڤ گوێڕایەڵی بکات ئەوا گوێڕایەڵی پێغەمبەری کردووە -صلى الله عليه وسلم- وئەگەر سەرپێچی فەرمانەکانی بکات ئەوا سەرپێچی فەرمانەکانی پێغەمبەری کردووە -صلى الله عليه وسلم-، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆی فەرمانی کردووە بە گوێڕایەڵی کردنی پێشەوا (ئەمیر)؛ مەگەر ئەو پێشەوایە فەرمانێک بکات کە پێچەوانەی فەرمانەکانی شەریعەت بێت ئەوا لەم حاڵەتدا گوێڕایەڵی ناکرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6383